# وێستگەی گومان

## *پێش وتار*

### جوانترین هەڵبەست ئەوهەڵبەستەیە کەنەنووسراوە

ئەم هەڵبەستانەی کە لە بەردەستتان دایە، دەربڕینی هەست و سۆزی کوردێکی ئاوارەیە. باخچەیکی دێمەکارە، گوڵەکانی خۆڕسکن. هیوادارم کە گوڵی بەدڵی ئێوەی تێدابێ، بەدڵتان بێ وبەدڵاوایی یەوە تێی بڕوانن، بیچنن، بۆنی پێوەکەن و هەست بە خۆشی بکەن. ئەگەرگوڵی بە دڵی خۆتان تێدا بەدی نەکرد، داوای لێبووردن دەکەم. بەڵام تکایە باخچەکەم مە سووتێنن، ڕەنگە کەسانێکی دیکە، لەڕوانگەیەکی دیکەوە بە چاویلکەی وردبینانەوە تێێ بڕوانن وگوڵی بەڕەنگ وبۆی خۆیان گوڵبژێربکەن و بیکەنە گوڵدەستەی دیاری بۆ دەستەی دڵدارانی هەڵبەست دۆست و نوێ خواز.

ڕەحمان سۆفی

# پێشەکی بۆچاپی دووەم

کاتێک ئەم کۆپلە هەڵبەستە کەوتە بەردەستی خوێنەران هەر کەسە بە شێوەیێ ڕای خۆی دەربڕی :

کچێکی گوڵفرۆش کوتی« شەوانە لە بن سەرمی دائەنێم وەک گوڵخانەکەم خۆشم دەوێ »

بازرگانێک فەرمووی « هیچی پوڵێک ناکا،بۆناچی کاسبیەک بکەی نانی تێدابێ! شاعرلەبرسا دەمرن، کەی ئەمە شوغڵە »

شاعیرێک کوتی « جوانە »

پیاوێکی سیاسی پەشە فەرمووی « شێعرچییە؟ بۆ بابەتی سیاسی هاندەرانە نانووسی! »

کچێکی ناسک هەست کوتی « مامە گیان! زۆرلەمێژە کە چاوەڕوانی هەڵبەستی وا بووم. باخچەکەت گوڵی بەدڵی منی تێ دایە، دەست مەڕێزا »

دوکتۆرێک فەرمووی « بۆسلامەتی وپاک وخاوێنی ڕۆحی شێعریش پێویستە. خۆم خوێندوومەتەوە،چێژیشم لێ وەرگرت.

خوێندکارێکی زانکۆ دەڵی « لە خوێندنگەکەمان هەموو هاوڕێکانم خوێندوویانەتەوە »

ئەندازیارێک دەڵێ « سەقیلە، هەمووکەس لێی حاڵی نابێ »

موهەندیسێکی کارەبا دەڵی « نازانم بۆچی، شێعرەکانتم پێ خۆش نییە »

خاتونێک فەرمووی « ئەگەرئەوین نەبوایە،شێعرو هەڵبەستیش هەستی مرۆڤی نە دەهەژاند »

بەڵام خۆم هەمیشە کوتوومەمن هەڵبەست بۆدڵە شێت و ئاوارە کەی خۆم دەنووسم. جا، هەرکەس بەدڵی بوو، ئەوە پێشکەش . . .

داوای لێ بوردن لە خوێنەران دەکەم، لەچاپی یەکەمدا هەڵەی زۆری تێدایە، هەڵەکانم ڕاست کردوەتەوە، وچەن هەڵبەستی تازەشم پێ زیاد کردووە.

ڕەحمان سۆفی/ 2003

## سەر زەوینەکە م

هێلانەی ژینم
لە دووریت وێڵم
لە تۆدا ونم،
لە کام گۆشەتا ستاربگرم؟

تۆدەریای ئەوین منی
پێم بڵێ لە کام کەرانەتا
گەمی خەیاڵم لەنگەربگرم؟

کۆشکی شایی وشینم تۆی
لە کام بێڵاتا دەنگ هەڵبڕم و
تەرانەی ئۆخەی بچڕم؟

دێرەکەم !
لەکام مێحراب تا،
لەسەرکام گوڵەڕش و
کام بەرماڵ
دەست بەرەو دوعا هەڵبڕم ؟

وا، ڕوخسارم ئاوێنەی چرژاند
تکەی مرواری دیدەم
پەنجەرەی ڕوانگەی شکاند
بۆگۆشەی چاوی کام پەری سوجدە بەرم؟

لە گۆڕستانی کام خەم دا
کۆڵەباری گرانم  داگرم
کام باخچەت،
بۆگۆڕی ناکامیم لە باوش بگرم ؟

ئاخ  بۆمشتێ  خۆڵ
کە بۆنی تۆی پێوە بێ،
تێر، تێر، هەڵی مژم و
یەکجار بۆ هەمیشە  ئارام بگرم !

# هەڵبەست

گەورەم!
دەفەرمووی واز بێنم
سەردەمی  پیشەسازی یە
ئەمڕۆکە هەڵبەست باوی نییە

بە ڵام گەورەم
تا جیهان وسروشت هە بێ،
هەڵبەست هەیە وباوی دەبێ

هەڵبەست
چاوگەی هەست وسۆزە
سۆزێکی بە تاو وتینە
دەربڕینی حەز وڕق و قینە

هەڵبەست ئاوێنە یە
ئاوێنەی وێنە نوێنی دڵ
ئاوازی بولبولە
بۆلاوانەوەی سوورە گوڵ

هەڵبەست
 پەسنی کیژۆلەی دەم بەخت و
باسی دڵداری و ئەوینە
باسی تاڵی و شیرینی ژینە

هەم گریانە و هەم پێکەنینە

هەڵبەست ڕەنگە
گیانێکی زۆربزۆز و
پەیکەرێکی چڕژاو بێ
یان بۆی هەیە کە
فڕینی پەپوولە ی باڵ بەژیلەمۆ بێ و
لە بەر تیشک باڵی هەڵوەرێ !

## تاسە وئاوات

لە گوێن شەوان
بژوێنە مێرگی ئەندێشە
سوارە هەناسە،
لە ئەسپی تاسە

لە دەروونی گڕگرتودا
ئاهی هەناو دووکەڵ دەکا
دڵی بە سوێی،
سوێی بوو وە
بۆ تام وچێژێ . . .

فریشتەی خەیاڵ و هیوا
جوان دەنوێنێ،
کیژی بەیان تەرمی ناحەزی دەنێژێ.

## کاروانی نادیار

تاسە باری ڕۆڵەی دوێنێ و
دڵپەرۆشی کۆرپەی سبەینێ
لە هەورازی ئەمڕۆدا
دەڕێن بەرەو هەڵدێری

کێ دەزانێ ڕەوتی کاروان
لە کام قۆناغ و کام مەنزڵگە
کاروانسالار بە گوڕ دەسپێری ؟

کێ دەزانێ سەر قافڵەچی
کاروانی نادیاری سبەی و
دووسبەی
کێ یە و
لە کوێ یە؟

روون نییە کاروانی ڕۆژئاوا
لە کام گەردەنەوە ئاوا دەبێ و
قافڵەی ڕۆژهەڵات
لە کام ئاسۆوە سەر هەڵ ئەدات

وێستان ڕەوا نییە
ڕەوتی مێژوو ڕاناوێستێ
ئەم قافڵەش وێستانی نییە

ناشێ (کەو)ی کوێستان و
نێچیری ڕاوچی بێ بەرەیی بین
نابێ (سیسارک)ە بەرماوخۆری
کەلاکە گەنیوی ڕابردوو بین

وەرە، باجووت کۆتری ئاشتی و
پەیام هێنەری خێروخۆشی بین
ڕەنگە ئێمەش داهێنەری
***ئەفسانەی نوێی***
ئەم سەردەم وقۆناخە بین !

# بازنەی گومان

لە هەرێمی سوڵتان دا،
لە بازنەی  گومان دا،
هەڵوەدایە ڕێبوار

ڕێڕەوی شەوە
شەوارەیە،
داماوە،
وڕاماوە
دەرووی ئاسۆنابینێ

لە نێوچاوی هەورەوە
چاوە چاوی هە تاوی  خەمڕەوێنە
لە دارستانی  شەوە وە
بە هیوای هەڵفڕین نە!

## ئەگەر خۆم گێلکەم

ئەگەرسەرکەوم بەپەیژەی
ناپیاوی و ڕسوای دا
ئەبێ جوامێرانە خۆم ئاگردەم
لە چاڵاوی نە وت دا

ئەگەر بژیم تەنیا بۆخۆم و
خۆم گێلکەم لە ڕووداو
ئەبێ خۆم ئاگردەم
لە کوورەی ئاسن تاواننەوەدا

ئەگەر بژیم بۆ ناو، و
هەڵبەستم بڕازێنێتەوە
دیوەخانی وەکوو دەڵێن "خواپێداو"
ئەبێ ڕیخۆڵەم لە ملم دا ببێ بەداو

ئەگەر لە بیرم بچنەوە
مێشکی پژاو،
خوێنی ڕژاو
ئەبێ بکووژێتەوە چرای ژیانم
لە مێدانی چواردارلێ چەقاو.

# ناڵەی دیلێ

بن میچێک پێخەفم،
زەوی ڕووت ڕاێەخم،
چاوەێەک پەنجێرە ڕوانگەم،
چواردەورم چواردیوارە .

ئاواز، تەنیا ببوی کوندە،
موسیقا، تەنیا گڤەی بایە،
کپ بووگوێم، دەنگم بڕرا،
نەوای نەی ودەنگی یارم نایە .

ڕەنگ، تەنیا قەترانی ڕەشە،
خێل بووچاوم ، لە مەدارلایدا،
کەی ڕادەشکێ ئەم شەوە !
دیمەنی ڕوونی بەیانم کوا؟

شەکەتی ئەندێشەیە مێشکم
تاکەی! ماندوو بوو گیانم
بەس نییە! تێکشکا ئێسقانم
زەردە بزەی کچی بەیانم کوا؟!

# وێستگەی گومان

پێش هات،
بە بێ وێست ومەبەست،
لەحەوت ئاسمانەوە
بەرەوحەوت تونێل ژێرزەوی
لە وێستگەیەک دابەزیم.

ڕێکەوت،
لەتونێلی ژێرزەوی یەوە
هاتمە وە سەر ڕووی زەوی
لەگەڵ ڕەشایی لەشکر
ئاوەکی و ئاوارە بووم

حەوت سووڕ، سووڕامەوە
هیچ نە وێستام
پاش حەوت خول هەڵخولام
گەیشتمە وێستگەی گومان

ئێستاش ڕوون نییە لێم
لەکوێی زەوی دا وێستام!
لە تونێلی مەرگ ونەمان
یان لە وێستگەی ژین وگومان ؟!

# پەڕگوڵی خۆێن

دەیانەوێ بم بە زێنن و
لە میدانم دەرکەن!
هەتا مابم لە میدانم
ڕۆڵەی نەبەزین وکۆڵنەدانم

قەڵەمم بشکێنن،
دەفتەرم بدڕێنن،
بەخوێن لەدڵم دەوونسم:
ئاینم، ئەوینم، خولیام
هەرئازادی ویەکسانی یە

چاوم کوێرکەن،
گوێچکەم کەڕ کەن،
لێوم بدروون و
دەنگم کپ کەن
هێشتا دەڵێم:
ئاینم، ئەوینم، خولیام
هەرئازادی ویەکسانی یە

دەست و پێم ببڕنەوە،
پێستم کەوڵ کەن،
دڵم دەرێنن،
خوێنم وشک کەن

ئێسکم دەڵێ:
ئاینم، ئەوینم، خولیام
هەرئازادی ویەکسانی یە

گڵەبانی چاوم  بکەن،
لە سەر گڵکۆکەم
سوورە گوڵ دەڕوێ
بەخوێنم پاراو دەبێ
پەڕگوڵەکانی دەنوسن:
ئاینم، ئەوینم، خولیام
هەرئازادی ویەکسانی یە.

## شەو وێستاوە

وەک تەرمی
دەم بۆمبای داگیرکەران
شەو ئاوساوە

دەماری مێشکی
سپای کیمیا
گەمارۆی داوە

بۆمبای ئەتۆم تەقیەوە
لە (هەڵەبجە)ی گیانی دا
بۆیە، وا
کش ومات  وێستاوە.

## هەڵوێست

کردووتانەتە بت پەیکەر
لاتان وایە کە
بێ وێنە و بێ  هەوتایە

تێڕانامێنن کە
هەڵبەستوانی  بە ناوبانگ
چۆن دەڕوانێتە فەلسەفەی ژیان

دانیشتووی دیوەخان بوو
بەیت بێژ و خۆشخوان
سەناگۆ وخۆشخۆری
خوانی بارەگای سوڵتان

ئەمڕۆش
لەپایتەختی هەمەچشن وهەمەڕەنگدا
ڕەنگاوڕەنگ  دەپۆشی ،
بەوتەی خۆی
" لەباوڕەکان،
وەک حاجی لەق لەق
لەسەرچوارپایەی بەرز  هەڵدەنیشی"

بادەی نامۆیی بەتەنیا دەنۆشێ و
بەیادی کاولاشی زێدەکەی
سەرخۆش وبەد مەست دەبێ

زستان،
بەڕۆژی بەفروباران،
هاوینی ساو،
لەبەرهەتاو
چاویلکەی سەوز لە بەرچاو
دەڕوانێتە دیمەن و دیاردە
لە ڕوانگەی ئەودا
هەموو شتێک
سەوز دەنوێنێ و
سەوز دەنوێنێ و
سەوز . . .

لە گەمی یەکی کۆن و
تەختە شکاودا دائەنیشی و
لای وایە کە
مەلەوان و گەمی یەوان
بە تەنیا هەرخۆیەتی و
گەلە گەمییەکەی نوح سەوڵ ئەدا

لە ئەڕرابەی سواوی ڕابردوودا
سوار وسەرنشینە
کەچی پێی وایە کە

یەکەم فڕۆکەوانی
فڕۆکەی فڕگەی
پایتەختی بێ بەختی
وڵاتی وێران هەرخۆیەتی

لەکاروانی پێشکەوتن دا
لەهاو قەتارانی جێ ماوە
بەڵام لای وایەکە
سە رقافڵەچی و
کاروانسالار هەر خۆیەتی

تۆبڵێی هەرچی ئەو دەفەرمێ
فەرمایشتی ئەو بێ!
نا، نا، بەسەری مامە وانی یە
ئەگەرئەمڕۆ باوی یە
سۆزی ئیدی نی یە
نێچیرگە گۆڕاوە
تەنیا وڵاتی وێران جێگە ڕاوی یە

لەمێشکی ئەودا ناگونجێ کە
دایکی زەمانە دووگیانی
کۆرپەی ڕۆژ هەڵاتە

ئەگەر دوێنێ
هەڵکەندنی گۆڕی ئەمڕۆبوو
ئەمڕۆناشتنی تەرمی دوێنێ یە و

## هەڵکەندنی گۆڕی بەیانی

بەیانیش ناشتنی تەرمی ئەمڕۆیە
دووسبەیش دەبێ و دەنێژرێ
بەیانی یەکی نوێ لەدایک دەبێ.

## یادت دەکەم

یادت دەکەم
بە تاسەوە،
لەناخەوە،
زۆرتامەزرۆ
پڕبەزارم هاوار دەکەم
یاری ئازیزیادت دەکەم

هۆگەزیزەی کوردەواری!
تۆ بۆ تەنیا،
وەرزی بەهاران دیاری

ئەی نەوگوڵی باخی ژیان!
بێ تۆ باخی ژینم ڕووتە
شاگوڵی نێو باخی گوڵان،
هەرگیز لێوی نەپشکوتە

یاری ئازیز!
هەرلە ڕۆژئاواوە
تا دەگاتە ڕۆژهەڵات
دڵ کەیلی پڕمەیل
بە تاسەوە،

لەناخەوە،
زۆرتامەزرۆ
پڕبەزارم هاواردەکەم
یاری ئازیزیادت دەکەم

هەردەمە بەیادی تۆوە
تا پەنجێرەی هیوام واڵادەبێ
یان ڕۆژی ژیانم  ئاوادەبێ
بەتاسەوە،
لەناخەوە،
زۆرتامەزرۆ
پڕبەزارم هاواردەکەم
یاری ئازیز یادت دەکەم
یادت دەکەم.

## مەکەن لۆمەم

نامۆ، وخەیلێ دڵکەیلم
شەوشەوە مەستی دەکەم
مەکەن لۆمەم یاران
لەبەر پەستی  مەستی دەکەم

لە دنیای سەرمەستیم دا،
گەمی خەیاڵ،
ئاژینی دەریای
ئاواتی لەمێژینم  دەکەم

میوانی شادی دەبم و
مەستانە شادی دەکەم
لەگەڵ یارم یاری دەکەم
یادی (فەرهاد) و
(شیرینی)ی
کوردەواری دەکەم

لە ئۆسیانی یاد ومەستیم دا
کڵپەی دەروون وسۆزی دڵم
بەئاوی گڕ خامۆش  دەکەم.

# گوڵی خەم

ئێوارە تەنگی شێوان
فڕی مەلی ئەوین
بەرەو باخی سێوان

نیشتە سەر پیرە دارێ
چاوەڕێ بوو کە بێتەلای
خۆشەویستێ،
ئەوین دارێ

بەڵام، ئاخ وەخابن
با، و بارانی ناوادە
ڕووی کردە باخ

هەستی مەستی دڵ لاوێن
بە تین و تاو، بتاوێن
بوو بە دڵۆپێ ئەسرین
شەیدای ڕووباری نۆڤین
شۆلاوگەی بەست بەرەو داوێن

تاقانە گوڵباخیکی ئاوپژێن کرد و
شادمان، دای لە سینەی خەم.

# دەنگی نەرم ودیدار

دەنگی نەرمت هاتە گوێم
زۆرمێهرەبان گوتت دێم
دڵم کەوتە ڕا، ودڵە کوتێ
لە خۆمم دەپرسی بۆچی دێ!

شادی لە دڵ، بەهیوا
چاوەڕێ، ئاخۆ کەی دێ؟
لێم ڕوون نەبوو تۆ چیت
پەریزادی ئافسانەی یت
کیژە کوردی بە گزادەی،
یان فریشتەی ئەوینی

ئایا بووکی دەم بەختی و
بەرەوپیری زاواهاتی
یان " هومای سەعادەتی" و
بۆ سەرم تاجی خەڵاتی

زۆری پێ نەچوو هاتی
کەڕوانیمە سیمات و
پڕشنگی نیگاتم بینی
کانی هەستم هەڵقوڵی
شکوفەی شادیم پشکوت
گوڵی خۆشەویستیم گەشاوە

تۆش بە بزە، وپێکەنین،
بە قسەی خۆش، ولەفزی شیرین
بەناز و ئەفسون خۆت نواند،
بە چاوی تریفەدارت،
بە سۆزی دڵی بێ قەرارت
پێکات دڵی تازە یارت

چاوت، چاوەکانی بوو
منیش نیگارکێشی چاوت
تۆ بووی (فەڕەنگیز) ئاسا*
منیش (ئوستاد)ی ئەوسا
بە قەڵەم مووی دڵداری
تابڵۆی ئەوینمان کێشکا،

---

فڕەنگیز و ئوستاد دوو پاڵە وانی ڕۆمانی (چشم هایش) نووسراوی نووسەری ئێرانی بزرگ علوی یە.

## ئاوێنەی چڕژاو

نازەنین !
ئەوکاتە کە
پڕشنگی چاوەکانت،
سەرنجی پڕمانات،
ئاوێنەی دڵمی پێکا
ئاوێنە ناسک بوو
چڕژا وشکا

تەزووی چڕژان وشکان،
بە دەمارەکانم دا گەڕا
بە لە شم دا هات وچوو
دەمار سڕ بوو
لەش کەوتە لەرزین

ئەوەی کە بۆم ماوە
ئاوێنەیکی شکاو،
دەماری سڕ و
لەشێکی لەرزۆکە
سۆزم هەستێکی خەستە
وا، ئەویشم کردوەتە
بالۆرە وبە ستە
لەگەڵ گوڵدەستەی ئەویندا
پێشکەشی چاوەکانت بێ .

# کیژۆڵەی جوان

بەڕواڵەتی ساکارت،
بەجلوبەرگی ئاڵ و واڵت،
بەشۆخ  وشنەگی و
لەنجەولارت،
هەیکەلی یۆنانی و
ڤێنووسی خوای جوانیت

ڕادەبووری بەلام دا،
بە سیلەی چاوی مەست،
دەڕفێنی بیروهۆشم
ئالۆزدەکەی دەروونی پەرۆشم

سا تۆ ودین وئاینت،
تۆرەگەزوشوێنی زاینت،
بگرە لەنگەرلام تاوێ
تا ماوە هەناسە وسۆمای چاوم
بڕوانمە بەژن و باڵاکەت
ڕەوتی ڕێکردن و
لەنجە ولارەکەت.

# چاوی خاڵی

ئەی فریشتەی بێگەرد
کۆتری ئاشتی،
خەم ڕەوێنی دەرد

چاوی خاڵی شێنێ
وەرە
با، بزەت بزێتە چاوم
با، ڕوون ببنەوە
چاوی سۆما نەماوم

تۆ، هەوێنی ئەوینی
تۆ، سەرمایەی شادی ژینی.

## باسی خەم مەکە

ئەفسونی چاوت،
بزەی سەرلێوت،
گفتی زمانت،
خەڵەتانمی.

هاتی ودڵمت برد،
دەڕۆی وخەم جێ دەڵی،
کە چی باسی خەم دەکەی!
تۆلەخەم ناگەی،
باسی خەم بۆ دەکەی!

تو، پەپوولەی شادیت
بە تیری خەفەت کوشت،
لەشادی وخەم کوا دەگەی

تۆلانەی ئەوینت تێکدا،
شوێنەواری خۆشەویستیت ونکرد

تێراماوم
بوارێک چۆن بدۆزمەوە
لە ڕووباری خەم بپەڕمەوە ؟!

# گوڵ هەنار

هەنار!
جووت هەنارت
لە باخی سینەت دا
دەنکە شانەی هەنارە.

گوڵپەڕی لێوت
لێوخەندەی هەنارە.

## لێوی شیرین

شەڕابی خەستیش
وەک قەندی لێوت نابێ

سەری پڕسەودای من،
بەقەندی لێوت نەبێ
قەت بە شەرات مەست نابێ

گەرماچی لێوت نەبێ،
لێوی بە بارم
هەرگیز پاراو نابێ

گەر دیداری،
سیمای ساکاری تۆ نەبێ
دڵم قەت خۆش نابێ

وەرە !
با، بە دیدارت شادبێ دڵم
با، بە ماچی لێوی ئاڵت
لێوی وشکەڵاتوم،
دووبارە پاراو بێ.

# لەخنکان گەڕامەوە

لەگەرووەوە
بۆ سەر مەڵاشوو
بۆنێوان ددان
پشکوت گوڵوشەی
نێوان دوو لێوان.

چاوم تریفەی دا،و
قەندی جوانی
لە دڵم دا توایەوە

شیرین بوو
وشەی شیرین
لە خنکان گەڕامەوە .

## به نازهات ناز

نوقمی خولیای ئەوین و
هەڵبەست بووم
هات لە نە کاو، ناز
بە منەت لە سەرزەوی
لەخۆبایی و
بە خۆشاناز.

دڵ دۆڕاوم
ژێی سازپساوم
ساز نییە، ئیدی بەگوێم
سۆزی بلوێر، و
دنگی نەی
سازی ناسازم
بە ناز بووم  ناساز.

## هەڵوەدا

تافی نەو جوانی،
بە پێی پێخاوس،
وەک مەجنون پەی لەیل
کردم کێوگەڕی

وێڵ و هەڵوەدا،
شوێن چووی دڵداربووم،
تامەزرۆی دیدار،
کردم کێوگەڕی

کۆشام زۆربە دڵ،
بۆ وەسڵ لەیلم،
لەڕێگای ئەودا،
کردم کێوگەڕی
لە پەی ئەوینم،
لە دڵی شەودا،
بە ئەندێشە و بیر،
کردم کێوگەڕی

تا، دوا هەناسەم،
بێ پشوو تا مەرگ
لە ڕێی ئەوین دا،
دەکەم کێوگەڕی.

## ئەم دەم دەمە

بەم ئێوارە دەمە
دیسان دڵەکەم
کەیلی مەیلی،
گوڵبەدەم لەیلی سەردەمە

ئەم دەم دەمە
لە نێوان دووکەڵی سەر بە تەما
لە باخی ڕەنگاو ڕەنگی ماتەما
گوڵ بەرۆکی یەخەم گوڵی خەمە

ئەم دەم دەمە
شەپۆلی سەرلێشێواوی هەست
ئاوپژێنی کەیلە دڵە کەمە
ئاواتم تەنیا مەیلی
دیداری لەیلی سەر دەمە.

## چ سڕڕێکه

لەژێرتارای ڕەش دا،
خاتوونێک،
پەری ڕوخسار،
بارانی بزەی سەر لێو
دڵۆپ،
دڵۆپ
دەبارێتە خوار

نیگای لە چاو بە جێ ماو
سۆزی هەست بە تین وتاو
دەروون پڕ لە ئاوتی تاساو

بۆم ناکرێ باسی نە هێنی
چ سڕڕێکە خوای مێژوو
بۆ، ئەم فریشتە ڕەشپۆشە ؟!

# خامەی مێژوو

خامەی مێژوو
لە دەفتەری زەمانە دا
هەزاران ڕوودا
هەزاران کارە ساتی  قەوماو
هەزاران شەو،
خەونی نەدیتراو،
هەزاران چیرۆکی نە نووسراو
هێدی،
هێدی
تۆماردەکات

خوێنی ڕژاو،
مێشکی پژاو،
ئاواتی دوور،
پڕشنگی هەتاوی سوور
دەستی سەوزی خۆشەویستی
زام وبرین
تۆماردەکات.

# هەرمن نەبووم

لەگەڵ بەیان و
نەمانی شەو
لە بناری کێو
بێدار بووم  خەواڵو لە خەو

لە پڕ دێوی بەد فەڕی شەڕ
بە پێی  یاسای کۆنی چیا
فەرمانی نە مانی دا

هەر من نەبووم و
دڵدارەکەم
دڵ شێت وئاوارەکەم
هەزاران جووتە دڵدار
لە جێژواندا  بووین بریندار.

## ئاهەنگی سروشت

کاروانی ئازار
لەکەلی شەوی تار
ئاوا دەبێ

دەریای بەیان
پڕجموجۆڵ دەشلەقێ

پەردەی خەونێکی نەزۆک
لە سەر پەنجێرەی
شەوی زاڵ لادەچێ

بەرە بەیان،
بڕوانە باخ!
بزە ولێوخەندەی شەونم
بە بسکی گوڵباخی دا
تک،
تک
دەبارێ ودەتکێ

شنەی گوڵە باخ
بۆ نیگای هەتاو دەشنێ

گوێ ڕاگره
بۆهاژەی با و
خوڕرەی ئاو
گۆرانیکی هەرگیزنه بیسراو
به سۆزه وه بۆ ژیان دەچڕێ

سروشت ئاهەنگ دەگێڕێ
کاروانی نه پساوەی ژیان
بەرەو پێش دەچێ .

## دایکی ئاوات

دایکی ئاوات
بە ناز ونیو ناز،
مەستانە وپڕ ڕاز،
لە زۆزانی هیوادا،
لە مەودای چاونیگادا،
ئاسەواری دڵداری
دەکاتە ملوانکەی مرواری
کیژی ژیانی پێ دەکا دیاری.
لە هاوینە هەواری
خاکی بریندار دا
تارای تۆران
لە سەربووکی ئاشتی لادەچێ

دایکی ئاوات
لە سەرخۆ و بە شێنەیی
کۆرپەی سەرکەوتن لە ئامێزدەگرێ.
کۆرپە، بە سۆزەوە دەویرێنێ
مزگێنی ئازادی دێنێ،
بە گوێدا دەچۆێنێ:
« کاروکۆششی ئە مرۆ
دەبێتە هۆ وهەوێنێ
بۆژیانێکی نوێ دوورلە دوێنێ »

# نامۆیی

وەک ماسی،
لە دەریای بێ بنی خەیاڵدا
بە بێ وچان دەخولێمەوە

وەک پەپوولە،
لە نێوگژو گیای بەهاردا
لەم گوڵ بۆئەوگوڵ دەسوورِێمەوە

وەک مەلی کۆچەر،
زستان لە گەرمێن
هاوین بۆکوێستان دەگەڕێمەوە

وەک کۆرپەی نەبان لە دایک
لە نێوگەلی نامۆدا ناحەوێمەوە

وەک یار ون بوویک
چاو دەگێڕم،
لە تۆ دەگەڕێم
بەڵام ناتبینمەوە
هاوڕێم !
چاوەڕێم
بۆ نامەیەک،
تەلگرافێک،

تەلەفۆنێک،

کە پێم بڵێی

کەی بگەڕێمەوە.

# چاوەکەم

چاوەکەم !
چاوت هەڵێنە و
بەو دوو چاوە جوانە
بۆ دنیای ئاڵۆ بڕوانە

ئەمڕۆکە لە خاکی برینداردا
پێشبڕکێی مروڤ کوشتنە
لە هەق وناهەق خوێنڕشتنە

مرۆڤ لە یەک نەبان و نامۆن
لە دەست ڕاستی ڕادەکەن
پەنا بۆخەون وخەیاڵ دە بەن.

## بێ دەنگی

لە نێوان گریان دا
پێکەنین دا
بێ دەنگی ڕووبارێکە

ڕووبارێکی قووڵ و مەن
ڕوون و
ڕەوان
ئەهۆن و لەسەرخۆ
دەتەنێ دڵی دەریا

دڵی دەریاش
بۆ ئۆسیان لێ ئەدا
لە ئۆسیانی ژیان دا
پێکەنین و
گریان
بێ پسانەوە یە

دوورلە کۆتایی و
بێ بڕانە وە یە

## ئاهی هه ناو

ئاهێک وا له دڵما
به سۆز و هێز
به تین وتاو
به گڕ دەم سووتێنێ
به گوڕ دەم هەژێنێ

ئه گەردەرکەوێ
تین وتاوی
بەرد دەکا به ئاو
سۆزی دارستانی درۆ دەسووتێنێ
هێزی کێوی بێداد له بن دێنێ

ئاشکرای ناکەم
باسۆز و هێزی
تین وتاوی
بم هەژێنێ و
بم هەژێنێ . . .

## بڵێسەی دەروون

سەربزۆز،
بیرئاڵۆز،
تامەزرۆی دووبارە چاوپێکەوتن

ئاخی داخی لێک هەڵبڕان
خۆزیای جارێکی دی
لە ئەشق وخۆشەویستی دوان
شپرزە و ئاڵۆزتری کرد

بڵێسەی دەروون
دەمارگەلی خستە گەمارۆ

گوڵۆڵەی ئاڵۆزیش
ئاڵۆزتربوو
تاوی داو هەڵی خولاند
لە هەزار بەهەزارێکەوە
کەوتە دەریای ئەندێشەوە

لەشی ماندووشی کەوتە بزوە
سری بزۆزی هەڵگرت و
کەوتە ڕێ . . .

## دژبەر

ڕەشە هەورێ ڕاخوڕی،
گوڕانی،
شریخاندی
وگوتی:
« دەبارێنم
ژاراو دەڕژێنم
کۆرپەی هەتاو دەخنکێنم »

سوورە هەتاو
بە بێ گوڕرە
بە بێ دەنگی
بە سوورپڕشنگی خۆی
دڵی ڕەشە هەوری دڕی و

بە تاڵتیشکی زێڕینی
زێڕەوشانی کرد باڵای زەوی.

## ئەستێرەی بەیان

شەپۆلی شەوەزەنگ
هەڕەشەی نەبان بوون
دەکاتە پێخەفی نوستن
نوستنێکی هەرگیز
خەو لە چاو نەچوون

وەنەوزی شۆڕە سوار
دڵی هیوادر دەلەرزێنێ

نا، نە خەمە!
ئەستێرەی بەیان
هێوەر،
هێوەر
کازیوە، و
گزینگی هەتاو
لەدوای خۆی دێنێ.

## نان وخوێن

لەم کۆنە کەونەدا
لە سەردەمی پیشەسازیدا
ئاوێتەی خوێنە، نان وئاو

گڵ وماسە،
گۆشت و ئێسکی هاڕراوە

کاسە،
چاوی هەڵکۆڵراوە

بێڵ ،
زمانی بڕدراوە

خشت وبەردی،
کۆشکی زۆردار
لوولاک وکەل لە سەرە

چێوبەستی فابریکەکان
دێزەڵەی ڕانە
پەیژە،
ئێسکی مرۆڤە و
بۆئەستێرەی گەڕۆک هەڵچووە.

## ئاگری دەستکرد*

دڵتەزێن بوو هەواڵ
شەست وسێ ئەستێرە
لەشەوی (هەڵەوین )دا**
ڕەنگاو ڕەنگ،
هەموویەکدەنگ،
لە هەرەوەزی سەمادا،
لەنێو کڵپەی ئاگردا
سووتان وبرژان
یان بە دووکەڵ وژارخنکان

بێ لایەن مانەوە ئێوە،
ئێوەی سڕ هەست
بۆ تڕاژیدیای دنیای مۆدێڕن
کردتانەوە درگای
کلیسا ومزگەوت

چۆن نەتان بیست
هاواری غەریبان!
بۆ نەتان بینی
فرمێسکی دایکان؟

هەواڵ تان نە زانی

به یەکگرتنی هەزاران ئینسان
لەگۆڕستان

بۆبەرگری
لە ڕووسیایی تان
هەڵتان سوو ماست
لەسەرزامی کۆچەران.

---

* ئەم هەڵبەستە بە بۆنەی ئاگرسووتانەکەی شاری یوتەبۆری یەوە لە سوئد، کە (شەست وسێ کچ وکوڕ)ی لاوی تازە پێگەیشتووی تیدا سوتا، نوسراوە.
** هەلەوین جەژنێکی مەسیحی / ئەمریکایی یە/ بەڵام لە ئۆروپاشدا باوە، لەو چەژنەدا لاوان بە جلوبەرگی شێت وشەیتانەوە شایی و خۆشی دەکە ن.

## بەیان*

بەدەم بەیانەوە پێدەکەنیم
بە پێکەنین
بەیانم دێنا پێکەنین

دوای هەربەیان
پڕبەدڵی خوێندنگەکەمان
لەگەڵ هاوڕێ یانم پێدەکەنیم

گوڵی بەیان و
شاگوڵی لێو بەبزە
گوڵبەرۆکی باخی گوڵان بووم

دەشنانیم بۆتاڤگەی هەتاو

سەمای سەرسەکۆ
هونەری شەوانم بوو

لە تاریکە شەوێکدا
بوومە بووک وڕازامەوە
لەگەڵ شەست و دووئەستێرە
پێکەنیم و
سەرمەستی شادی بووم

ئێستا لەژێرخاکدا
بوومەتە گوڵ
دایکم،
بە بارانی فرمێسک ئاوم ئەدا
خوشکم،
وێنەکەم ڕادەمۆسێ
براکەم،
بە تاجەگوڵ دام ئەپۆشێ
باوکم،
باری خەم دەکێشێ

ڕادەبوورن ڕێبوار
پشوێک دەوێستن و
دەخوێننەوە:
(گڵکۆی جوانە مەرگ بەیان)

---

* ئەم هەڵبەستە بۆیادی (بەیانی کەریمی) ئەوکچەکوردە، کە لەئاگرە دەست کردەکەی شاری یوتەبۆری، لە 29 مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 1998 دا، نووسراوە.

## تاوی هەتاو

پۆپەم هەڵچووە بۆ هەتاو
گەڵام گوڵی ئۆقیانووسی ئاو
ڕەگم لەزەوی دایە
چواردەوری زە یویش پۆڵتەنراوە

لەسوورەکاتێکدا
لە فەزایکی ئاوی دا
چاوگەی بزوێنەرم
تاوی چاوی هەتاوە

چاوێکم لەتۆپی هەتاوە
چاوێکە ڕووباری ئاوە
سەمای هەستم
چاوگەی هەڵبەستی نە نووسراوە.

## خوای مێژوو

ئەی خوای مێژوو!
چۆن پەپوولە، وکەو
لە ترۆپکی زاگرۆسەوە هەڵفڕین

چۆن لە داو،و
تەلبەند تێپەڕین

بۆزیویە وکێلەشین
لەدووری دیداری یەک دەگرین
بۆ لە باخی (خانی)دا
شین بووە دڕووی
نێوان (مەم وزین)

بۆکۆرپەی تۆ
چاوی ناپشکوێ،و
شەوە دەیباتەوە

بۆقەڵەم ماندوو،و
دەفتەرنوستووە؟

## کیژۆڵانی دارستان

کیژۆڵانی دارستان
کیژۆڵانی تامەزرۆی ژوان
لە باخی تافی بلوقتان دا
گەشەی دەکرد خونچە و
دەپشکوت گوڵی سینەتان

جێژوانتان بن داربوو
مەمکۆڵانتان سێوی دەستی دڵداربوو
لێوی ئاڵتان گەرمی ماچ و
ئامێزتان باوشی شۆڕە سواربوو
بەیانیانی زوو،
نیوەڕۆیانی گەرم،
ئێوارانی درە نگ،
دەست وپەنجەی ئێوە بوو
بەرهەم هێنەرو
ماندووی کاربوو

لەبژوێن شەواندا
هەوێنی ئەوین بوون
لەشایی وشیندا
هاوڕێی ژین بوون

چیرۆک بێژبوون ئێوە
بەشەوی پاییز
بۆدڵی پڕسۆزی ئەویندار
بۆ ڕێبواری شەو بێدار

بۆم بگێڕنەوە
کاروانکوژە
چۆن کاروانسالاری هەڵفریواند

بۆچی ناپیاوان
کۆشکی ئاواتی ئێوەیان ڕووخاند؟

## تۆم هەرلەبیرە

هەڵۆی تەنیام
لە فەزای بێ سنوورا،
کۆتری ئاشتیم
لە ئاسمانی دوورا،

لە فەزادا،
لە ئاسماندا،
تۆم هەرلە بیرە.

ڕادەکێشن سەرنجم
گزینگی هەتاو
تریفەی مانگ و
جریوەی ئەستێرە
بەڵام هەرتۆم لەبیرە

هاتوچۆی گەلەگەمی لە دەریا،
شەپۆلی بەتەوژمی ئاو،
دەمخەنە گێژاوەی ئەندێشە
بەڵام تەنیا تۆم دێ بە بیرا

## پرسیار *

بێ سنوور چەمی سنوور
چکۆڵە خوشکی «دەجلە» خابوور
پڕ بە ئامێزی گەورە خوشک
لە بەفروخوێن ئاوێتە

بگرە ئارام چەن چرکە
تاچەن شەپۆل وخوڕین ؟

شە پۆلە
لە سەر شەپۆل
بیری من ئاڵۆز

پرسیارە
لای هەستیارە
کام شوێن بۆ ڕێبوار بوارە؟

---

* ئەم هەڵبەستە لە زاخۆ لە سەر چۆمی خابوور نووسراوە

## هەرێمی ئاڵۆز *

لە سەرزەوی خۆرکفت و
هەرێمی کەسک و زەرد دا
ڕەنگ دەگۆڕن سووروسپی

خوێن وەک ئاوی ڕەوانە
ئاویش وەکوو ئاگروگڕ

تابووت بوەتە کەژاوە
کەژاوەش تابووت

ئادەمیزاد دەبنە بەرد و
بەدریش دیواری کۆشک

لێرە دەگرین منداڵان بۆشیر
لەوێ پیرە پیاوان بۆگۆچان

نابینا وێڵە بۆچاویلکە و
بیناش کوڕنش ونوچدان

جووتە دڵدار
دەبن بە ژێرگەردولولی بۆمباوە

داک بەژێرکۆڵێ خەمەوە
باوک لافاوی ڕق دەبیا و
بۆ هەمیشە بزر دەبێ

کچ دەبێتە قوربانی
دوودڵۆپ خوێن و
گولەی گەرمی چەکی
" شەڕەف" ی باب وبراکانی

هەڵبەستوانێکی هەستیاریش
هەڵبەسی شین
بە هەستی سووردەنووسێ و
ڕۆژی دوایە
لە ژێرداری سێدارە دا
دەنێژرێ.

---

* کاتێک سەفەرم کرد بۆ کوردستانی ئەودیو، بەوتەی خۆیان "هەرێمی ئازاد" م ئاوا بینی . هیوادارم کە ئەمڕۆ واز و گوزەرانی خەڵک باشتر بێ لەوەی کە من بینیم.

# مەلی ئاوات

لەسەردوندی هیوا وە
باڵ دەگرێ مەلی ئاوات
لەتەمگرتو فەزادا،
بەنێوان هەوری ڕەش دا،
نێو بە نێو لە دڵی ڕووناکی دا،
بای باڵ ئەدا ودەفڕێ.

لە دنیای خولیادا،
لە دەشت وچیادا،
بە سەرئاوی دەریاوە،
جار بە جار
لە سەرشەپۆل دەگرێ لەنگەر.

دووروناديارە مەنزڵگەی
وەرزی بەهارە هەوارگەی
بۆپشوودان هاودەمی پیرەدارە.

ئەگەربال وپەڕیشی هەڵوەرێ
ئەگەربای بۆمباش پەڕوباڵی بەرێ
منداڵانی شەیدای دەم بادەوە *
لە دەم هەوا دەیگرنەوە.

---

* دەم بادەوە (بادبادک )ی فارسی یان "باڵون"

# ورزی نوێ

« بۆ هێمنی برازام »

لەسەرزگی گڵ،
تلا بەردی کەژو کۆ
بۆ داوێنی چیا
داچڵەکی دڵی دار
کەوتە نەرمە سەما پرچی
بەدەم بای وادەوە
ڕزگاربوولە ژێر پەردەی خاک
بەفرینە گوڵ
گەشە دەکا بە کەشم ونەشمەوە
تۆقی دڵی کانیاو
لەبەر تینی هەتاو
ژیاوە لە ڕەگی کۆن گوڵ وگیا
گەزیزەش بە پۆل سەریان هەڵدا

ڕازاوەتەوە
بە بەرگی ئاڵ ووالەوە
دەشت ودیمەن،
باخ وچیمەن

گوڵباخیش دەشنێ
بۆبزەی سوورە هەتاو

سپی بەفرینە گوڵ
ئەرخەوان گەزیزە، و

گەشە گوڵباخی
گرتوویانە بەڕیز لە سەرکانی
لەگەڵ لالەبەدەستان کۆڕی شایی

ڕۆیی ڕەشەمە و
وە یشومە نە ما
لەهەڵاتە نەهاتی
بەغارڕادەکەن لەبەرنوێزایی

یەک دڵ و بەگەل
پێیانە گوڵالە
بۆ کۆڵنەدەر
مە شغەڵ ومزگێنی

وابەڕێوەیە سپای نوێ خواز
کەژ دەگۆڕن
ئەستێرەی فەزا وگۆی زەوی

لەگۆڕانەڕەوتی شەمەندەفەرلەسەرڕێڵ
مەلەی گەمی لە دەریا
فڕینی فڕۆکەش لە ئاسمان

پیرۆزبێ ڕۆژی نوێ و
گەردن ئازادی

## بووکی خنکاو
« بەیادی هەڵبجەی ژارپژاو کراو»

بەساوایی خونچەگوڵی باخ و
هاویاری هەتاو بووی
بە کچۆڵەیی
ئەستێرەی ئێوارە و
هاوسێی مانگ بووی
بە گەورەکچی
دەستەی خوشکی
« هێرۆشیما و
ناگاساکی » بووی
کەژار پژاوکرای
بووکی ناکام
دووکەڵ پۆش و
ئاوێتەی ژاراو بووی

ئێستە بێ گیان
لەگۆڕستان
زیارتگەی دڵ بەسوێ ئاشقانی

بەڵام وای
لە خێڵی درۆ
لە دەوری تۆ
بۆخۆشاردنەوە
چ بێ شرمانە

زۆر ڕزیلانە دت لاوێنەوە

ساڵ وساڵ
لە باخی میری و
لە سەر کانی ئاشقان
دەت ڕازێنە وە
بۆئەوەی لە هەندەران
بە دراو بتگۆڕنەوە

ئەی بووکی خنکاو
دڵنیابە کە
هەرچرکە وسووڕوساتێ
کە گۆی زەوی
لە دەوری ڕۆژ دەگەڕێ
پێنج هەزار باڕەکەوی کوێستان
لەبری کۆترە خنکاوەکان
باڵ دەگرنەوە

مەلی هەق وخاوەن مافن
لە ئاسمانی دووکەڵ گرتووی مێژوودا
بەپۆل سروودی مافمان دەوێ دەخوێننەوە
ئەرخەیان بە
نەوەی هەقخواز
تۆڵەی تۆوکۆترەکان دەسێننەوە.

# گوڵی تینوو

لەچاوی هەورەوە
لە هەناسەی هەواوە
بارانی بژیو
دڵۆپ
دڵۆپ
دایداوە
هەور چوی نەسڕیەوە
هەوا وچانی نەگرت
کەچی گوڵ
هەرتینووە ؟!

# دڵ و ڕوح

دڵکەم  ماسییەکە
تامەزرۆی  ڕووبارئۆکسیژن

دڵەکەم هێلانەیە
بۆگوڵی خەم و
شۆڕەبی شادی

ڕۆحم مەلێکە
شەیدای هەڵفڕین
ئاسمان پڕە لە هەوای ژاراوی

تەنراوە چواردەورم
شەرتە بۆم  کۆڵنەدان
نەک بردنەوەی گۆی پێشبرکێ
لە مەیدان.

## پرچی هەتاو

هەتاو بەچێی هێشت
سەفەری هەوا
تڵێک لە پرچی
لە ڕێگا
لە ئانتێنی کانی ئەتۆم گیرا

لە نێوەڕاست و
کۆتایی سەدەی بیستەم دا

لە سەر« هێرۆشیما » ژاپۆن و
« هەڵەبجە »ی کوردستان

ڕووڕەشی گەورە پیاوانی
بە زەوی و ئاسمان ڕاگەیان.

## بێ بڕانەوەیە سەفەر

لەئاسۆی خۆرنشینەوە
تارمایی ئێوارە
پەردەی ڕووناکی کێشا

ڕێبوارێکی شەوڕەو
هیوای هەوارگەی
دەتارێنێ لە چاو خەو

هەوەڵ قۆناغی
ژوانی  یەکەم ئەستێرەی
هاوسێی مانگاشەوە

دیار و نادیارە
ئاسۆی سەر بەتەم
گەمییەوانێکی ڕێ ونبوو
گێژی شەپۆلی گێژاوە
دەی هەژێنێ شەپۆل
چەشنی تەختەی سەرئاوە

لە وشکە ستانێک دا
وێڵە لە دوای تاقە داوێک
دارێکی پڕگەڵا و زۆر سێبەر
ئاە

بای چارەنووس دەی با
بەرەو لای کۆلکەیکی
بێ گەڵا وکەم سێبەر

ڕووباری ئەندێشە
تەنیویە تان وپۆی مێشک
ڕاماوە چۆن دەریا
بە چێی هێشتووە خاک
کەی دەگەڕێتەوە ئاو، و
زەوی  دەپۆشێتەوە جەنگەڵ.

# ڕووگەی پەنجەرە

ژوورێک چوارگۆشە
هەرزاڵێک ،
مێزێک و
چوار سەندەڵێ لە دەور

کەشەفێک،
سێ سێو، و
دوو مۆز لە سەر

لەڕووگەی پە نجەرەوە
لە چاو دیار
کۆڵان و شەقام، و

چوار ڕێبوارنامۆ لەیەک

یەکەم مەست و سەرخۆش
دووهەم گێژ و بێ هۆش
سێهەم نێوانی و ئەهۆن
چوارەم ڕێڕەوی هۆشیار.

# تۆخوام بووی

خواوەندی بەڕێزم
نازانم
لە چ شوێن و چ کاتێک دا
بەشەونخونی من ت خولقاند

لە یادمە
کە منداڵ بووم
تۆخوداوەندی من و
چەن خوشک وبرام بووی

ئێستاش کە نەماوی، و
لێم دووری و ناتبینم
دیساش
تۆ هەر خوداوەندی و
زیندووی و ڕێز زۆری.

# باوەڕ

دالاشی شەو کەپرەی سەرمە
لە دووڕێیانێک داماوم
چرایک لە تاریکی هەڵدەکەم

دوو تابلۆ لە بەر چاوم
دوو وێنەی لە یەکچوو
دوور دەبینم

لە دوو ڕێیانێ خۆم دەبینم
دەبێ هەڵبژێرم
ژیان قوربانی باوەڕکەم
یان باوەڕ قوربانی ژیان

هەڵدەبژێرم
خۆم دەبمە قوربانی هەر دووکیان.

# هەڵۆ و هیوا

شەوی تار زاڵە،
ڕۆژ ونە،
شادیش
دوورە پارێزی دڵەکەی منە

ئاوێنەی هەست
دەنوێنێ ڕەنگ کردارم

سەر بە خۆ،
سەرەڕۆ،
بۆ هەتاو سەر هەڵدەبڕم

بەرەو فەزای بێ سنوور
بۆلای هەڵۆ هەڵدەفڕم.

## تەڕانەی سەر گۆڕ

لە گۆڕستانی ئارەزوودا
لە سەر مەزاری خۆزگەم
مۆمی  ئەوین دائەگرسێنم

ئەستێرەیەک
لە تاڤگەی ئاواتما هەڵ ئەکشێ
لە دوورگەی سۆزم دا دائەکشێ

ئەستێرەی ئاوات تۆی
تاڤگەش ئەسرینی چاومە
دوورگەی سۆزیش ئەوینە

داکشان و
دابەزینیش
دوا تەڕانەی سەر گۆڕمە.

## ورده ئاوێنه

مانگم بووه هاوسێی ئەستێره
هەتاو خۆی شاردەوه

پرچی ئەوینم
به پەنجەی پەلکه زێرینه بەشانەکرد
تاڵ تاڵەی قژی بوونه پڕشنگ

هەناسەم هەوای کراوه
توونیەتیم ڕووباری گوڵاوه
سینەم باخچەی بولبوله

ئەوینەکەم زیزی کەژاوه
چاوەڕوان،
هەناسه سارد،
چاوی لێکناوه

شەوی یلدایه چیرۆکی ئەوین
گڵکۆی منیش ئاوێتەی ورده ئاوێنه.

## شەیدایی

بە بەژنی هەوردا هەڵدەگوڕێم
لە  درزی ئاسمانەوە
تریفەی ئەستێرە هەڵدەمژم

لە ناخی مانگەوە
بۆ هەناوی دەریا و
گۆی زەوی دائەکشێم

بە پڕشنگی هەتاو ڕەنگا
بووکی ژین دیاری دەکەم

بە پەنجەی سروشت
بە خامەی خوێنین
بنووسن لەسەر گڵکۆکەم

«  شەیدای هەتاو بووم
تاهێزم بوو، و
توانیم بژیم »

# پەپوولە و سنوور

چاوی هەستیار
گەوهەر دەهۆنێتەوە

پێنووس
لە جاڕە تێ نووس دا
وشە دەچێنێ

فڕۆکە
لە دڵی هەوادا ون دەبێ
گەمی
لە ئۆسیان دا دەخنکێ
قەتار
لە پردە ئاسنینە بەردەبێتەوە

ئای چۆن
پەپوولە و
مەل
لە ترۆپکی زاگرۆس، و
لە سنووری تەلبەند
ئەپەڕنەوە؟!

# ئاو، خاک، هەوا،مەرگ

« بۆ هەژارە چکۆلی برازام »

کەس خاوەنی خاک نییە،
خاک خاوەنی هەمووانە

کەس خاوەنی ئاو نییە
ئاو مایە ژیانە

کەس خاوەنی هەوا نییە
لە هەناسەی سروشت دا
مەرگ خاوەنی هەووانە.

## داخەکەم

کاتێک باشووی شووم
لە پەنجەرەی
کۆخی بەختی ئەدا

داخەکەم
نەبووی لە هەوێڵ دا
هەوڵی هەڵبڕینی بدەین.

# شاعیر و دیمەن

شوێن پێ نادریا،
زەوی نامۆ،
بێ واز ڕێبوار

لە باوش دەگرێ جووت پێ
لە شی قیرەتاو،
پڕبەدڵی تاوسووتی شار

ئەبڕێ ڕێبوار ڕێی
ئەسفاڵتی شوێن، شوێن قەڵەشاو
بەڕەگی پیرەدار تەنراو

خەیاڵە وخەیڵ
چەواشەی دنیای ڕەنگ
نیگار دەگرێ
لە خولیای شاعیری ڕەنجاو.

## لەگەڵ ئاسنا

وشكاوی هات
سەرچاوەی هەسەتم

لە سیس بوونە
گوڵی هەڵبەستم
جێ ناگرێی لە دوو توێ
مەبەستم

لەگەڵ ئاسنی سارد دا
سەر دەكوتم، و
سەر دەكوتم.

## بەرەو چ سەودایک

لەسەر تەوێڵی مێژوو
کەڵانەی شەرم
لەسەر لانکەی ژینە

چرکەی سەوزەباڵی کەتژمێر
دەکشێ بەسەر هەستم دا
بە هەر بیرێک و
سەودایێک
پڕسەودایە سەرم

لە کۆتایی هەزارەی دووم و
سووم دا
چ بێ سەت دەڕۆن مرۆڤ

هەستێک و
هەزار پرسیار
ڕەوڕەوەی مێژوو
بەرەو چ سەودایێک دەمبا
وەک ئاوی ڕەوان، و
تورەیی گژە با؟!

# تۆ باوەڕ بووی

« بۆ یادی کاکە مینە »

دارکارییان کردی،
بڵێ کێت لەگەڵە

داغ یان کردی
ئەگەر نەڵێی زیندوو نامێنی

ناو نەهێنان و
نەهێنی ڕاگرتن
هەڵوێستی تۆ بوو

سەرفرازیت باوەڕت بوو
باوەڕبە گەشەی مرۆڤ
لەسەر گۆی زەوی و
باڵی هەور

لەقولایی ڕۆژ دا
باوەڕ بە خۆ، و
هێزی بەرگری
لە نێوان شەڕ و
ئاشتی دا
ئاشقی ئاشتی و
دژی شەڕ بووی

تاڤگەی هیوا بوو

بیر وخولیات

بزوێنەری ڕێگا و
گەشە ئەستێرەی دڵی خاک
ڕێت ون نەبووە
ڕێڕەوت هەن
هەزاران هەزار.

## بەرەو کوێ

ئەی تاو سووتی سپی پۆش
لەکوێوە بەبادەکەی
هەناسەی سەوز وسوور
لەکوێوە ئەدەڵێنێ
دڵۆپ ،
دڵۆپ
ئاوی هەرمان

وا، هێلانەی کرد هەڵۆ
لە دوورگەی تەوێڵت دا
پێک هات زەریا لە لەشت دا

سووڕت خوارد، و
لەچەرخ نە کەوتی

لەکوێ ئۆغر دەکەی
بەرەوکوێ؟

## هاوشانی ئەستێرە

هات دیاری
لەنێوان تارای تەم و
ئاوێنەوە
شادی هێنا بەدیاری

سواری فڕفڕەکەم بووم
لە نێوان تەم و
شەوقی ئاوێنەوە
لەهەوران دەرچووم

لە سەربالّی مانگ
لەگەڵ ئەستێرە هاوشان
لە باوشی خەیاڵدا تریفامەوە

لەگەڵ ئەندەشە و
هەستی ڕەنگاوڕەنگ دا
لەدڵی فڕفڕەوە
بەرەو گۆی نادیار گەڕامەوە.

## سکاڵام زۆره

بەڕواڵەت ڕووگەش و
دەم  بە پێکەنینم
بەڵام وانیم کە دەنوێنم

خۆت مە بوێرە
خوڵکت هەبێ
سکاڵام زۆرە
بم دەوێنە

ماچم دەوێ
لێوی وشکم تەڕکاتەوە
هەناسەی گەرم و
عەتری بەربینگم دەوێ
هەستی سڕم گەرم کاتەوە

تامی ماچی لێو و
شەمامەی سینەم دەوێ
پێم کەرەم کە
لێم مەشارەوە.

# گریمان

تاسەیەکی  سەر لێ شێواو
نیگاو،
ڕوانگەی داگرت

لە کەژی شادی تێپەڕی
لە توێی خەمدا توایەوە

لەقرچەی هەستی بەسۆزدا
لە ئێواری ئاڵۆزی و
ژیربێژی دا
گریمانی گیانی
لەگۆڕی دڵ دا ناشت و
من مامەوە.

## زێدانی ناکۆکی

ئەی گردیلەی لەمێژینە
دەستە خوشکی مانگ، و
دەورانگەڕی خۆر

ئەی زێدانی پڕ لە ناکۆکی
کەی دەگوروێن
بوێرانی وردبین
پەی جۆی ڕاستی
کوان لەکوێن

ئەی دوگیانی ژینەوەر
گۆڕستانی نەمان،
هەر خۆت مان و
تاچەن چەرخ و
سووڕ.

ڕحمان سۆفی
سوێد 2007